# چۆلەكەو داليا چيان دەگوت ؟

نوسينى
كاروان عەلى

2010

ناوی کتێب : چۆلەکەو دالیا چیان دەگوت ؟
بابەت :چەندین چیرۆکێ وشیعر
نووسینی : کاروان علی محەمەد
نەخشەسازو هەڵەچنی کۆمپیتەر : زانا کەرکوکی
چاپ : یەکەم هەولێر ( ٢٠١٠ )
دیزاینی بەرگ : فۆتۆ هەردی
تایپ : حوسێن عبدالرحمان
تیراژ : (١٠٠٠) دانە
چاپخانەی : چوار چرا

ژمارەی سپاردنی پێدراوە بە ژمارە (٤٧٢)

# پێرست


| | |
|---|---|
| بەدوای هاوڕێیەك دا دەگەڕی ؟ | ٧ |
| پەپوو | ١٥ |
| ئایا راستە چاکەی سەربەخۆ پەشیمانی لەدوایە ؟ | ٢٠ |
| بیربکەوە لەکارەکانت‌و زوو جێ بەجێیان بکە | ٢٢ |
| ئازیز | ٢٤ |
| هەموو کارێکی خراپ پەشیمانی لەدوایە! | ٢٩ |
| سودو زیانی یاری کردن | ٣١ |
| بەهاری کوردستان | ٣٥ |
| لایلایە بۆ بووکەکەم | ٣٦ |
| شەرم مەکە | ٣٧ |
| بۆمبۆ | ٣٨ |
| درۆ | ٤٠ |
| قوتابی | ٤١ |
| کتێبخانە | ٤٢ |
| کوردستان | ٤٣ |
| سلام کردن | ٤٤ |
| باخچەکەم | ٤٥ |
| مریشکی سپی | ٤٦ |
| گۆڤار | ٤٧ |
| ئاوی سارد | ٤٨ |
| کەمانچەو هونەر | ٤٩ |
| راستی | ٥٠ |
| ئاڵا | ٥١ |
| سەیرانی کوردستان | ٥٢ |
| ١ / ٦ | ٥٣ |
| قوتابخانە کرایەوە | ٥٥ |
| نەورۆز | ٥٦ |
| بۆ مردنی دایکم | ٥٧ |
| سوپاس‌و پێزانین | ٥٨ |

## لەجیاتی پێشەکی:

گوڵە جوانەکەم بەرلەوەی ئەم چیرۆک و شیعرانە بخوێنیتەوە پێم خۆشە ببین بەهاوڕێی یەکتر،ئایە تۆڕازی ببین بەهاوڕێیەکی تاهەتایی ودڵسۆزی یەکتر؟ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ بێت دەبێت بەگوێم بکەی بۆئەوەی بزانم تۆ دڵسۆزی منی،ئەگەریش نابیت بەهاوڕێم لێت دڵگران نیم، هەروەها ئیستا زۆریش دڵخۆشم چونکە، تۆ مرۆڤێکی سەرکەوتووت لێ دەردەچێت!دەزانی چۆن دەزانم؟ چۆنکە ئێستا پەرتوکت بەدەستەوەیە هەرکەسێکیش پەرتوک بخوێنێتەوە بێگومان مرۆڤێکی کاراوسەرکەوتوو دەبێت لەژیان،ئەگەریش ڕازیت بەهاوڕێیەتیم زۆرخۆش حاڵم، حەزدەکەم ببین بەهاوڕێ ڕازیت؟دڵنیایی کەهاوڕییەک دەبین تاهەتا؟باشەکەواتە چونکە هاوڕێین وەکو گوتم: بەگوێم دەکەی وانیە؟زۆرباشە یەکەم جارئەم پەرتوکەی بەدەستەوەیە جوان بیخوێنەوەبۆئەوەی سودێکی ئەوتۆی

بۆژیانت لێ وەربگری،بەڵام بیریشت نەچێت ڕەخنەشی لێ بگرە چونکە، باپیرانمان گوتویانە مرۆڤ بەڕەخنە ژیرو سەرکەوتوو دەبێت،هەروەها هەمیشەهەوڵبدەکاتەکانت دابەش بکەیت وبەفیڕۆی نەدەی،جگەلە مانەش دوای تەواوبوونی ئەم پەرتوکە پەرتوکی تربخوێنەوەباشە؟ هاوڕێکەم یەک شتی تر بەگوێی دایەوبابە بکەو لەئیستاوە هەوڵبدە خۆت بڕیار لەسەرکارەکانت بدەی،بەڵێنم پێدەدەی؟سوپاس بۆبەڵێنەکەت !دەمزانی تۆهاوڕێیەکی باشی، دەی ئیستاش بابەیەکەوەبچین چیرۆک وشیعرەکان بخوێنینەوە،فەرموو....

نوسەر

٢٠٠٩/٦/١

## پێشکەشە:

بەوانەی کە خەندەی منداڵ گەورەترین دیارییانەو خەندە دەکەنە سەر زاری منداڵان ......

تێبینی : - یەکەم چیرۆکی ئەم کتێبەو (١٠) شیعری سێیەم بەرهەممە ، واتە لە کتێبێک بەتەنها بڵاوکراوەتەوە.

- هەربۆیەش لە دوتوێی ئەم کتێبەدا دووبارە بڵاوم کردوونەتەوە چونکە زۆرێک لە نوسەران و هاوڕێیان و کتێبخانەکان داوای لەچاپ دانەوەیان کرد، بەڵام پێم باشبوو لەجیاتی دووبارە لە چاپ دانەوەی لە دوتوێی ئەم کتێبەدا بڵاوییان بکەمەوە ، هەروەها بەشێکی زۆری ئەم کتێبە شەو نوخوونی چوار ساڵ لەمەو بەرمە و زۆربەی بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام بەهۆی نەبوونی دەرفەتێکی گونجاو نەم توانی لەکاتی خۆیدا بڵاوی بکەمەوە.

# بەدواى هاوڕێیەك دا دەگەڕێی ؟

داليا ئەوكچە ژيرەبووكەكاتەكانى ژيانى بەپێى كارەكانى دابەش دەكردو زۆر بەجوانى وسەركەوتوويى كارەكانى خۆى ئەنجام دەدا ڕۆژێك داليا لەگەڵ دايەوبابەى چونەماڵى بابەگەورە،داليا دواى هێندێك قسەكردن وياري كردن لەگەڵ بابەگەورەو دايەگەورە، داواى لەبابەگەورەكردكەتەماشاى كتێبخانەكەى بكات بۆيە بابەگەورەداليای ماچ كردودەستى گرت وبرديە كتێبخانەكەى و پێى گوت: دالى گيان ئەمەهەمووى كتێبى منداڵيمەولەكاتى منداڵيداهەموويانم خوێندووەتەوەو ئيستاش جارجارێ دەيان خوێنمەوەو تەماشايان دەكەم، تۆش دەتوانى بەئارەزووى خۆت تەماشايان بكەيت وبيان خوێنيتەوە، بۆيەداليا سوپاسى بابەگەورەى كرد،دواى ئەمە بابەگەورەدالى بەجێ هێشت وڕۆيشتەوە بۆ ژوورى ميوان، داليا زۆردڵخۆش بووچونكەلەكتێبخانەيەكى گەورەدايە وچەندين كتێبى منداڵانى بەسوديشى تێدايە،دواى كەمێك تەماشاكردن دالى دەستى دايەكتێبێك بەناوى (بەدواى هاوڕێيەك دا دەگەڕێی؟)، دالى زۆركتێبى منداڵانى لەكتێبخانەبچكۆلەكەى خۆى خوێندبووەوە، بەڵام بۆيەكەم جاربووكتێبێك بخوێنێتەوەكە ناوەكەى ئەوها پێ خۆش

بێــت، بۆیەبڕیاریــدا کەئەوکتێبــە بخوێنێتــەوە، کاتێــك کتێبەکــەی کردەوەنووسرابوو، لانەکچەجوتیارێکی هــەژارە ولەگونـدێکی دلڕفێنــدا دەژی و هەمیشە تورەیە ولەگەڵ کەسدا تێکەڵ نابێت وهاوڕێیەتی کەس ناکات، تەنها رۆژانە خەریکی ئەوباخچەیە دەبێت کەلە پشتی ماڵــیان بۆخــۆی درووستی کردبــوو، بۆئــەوەی کـــەس لەگــەڵی دانەنیشــێت و دووربێــت لەهەمووکـــەس، ڕۆژێــك لانــە کاتێــك لەناوباخچــەکەی دەگەڕێتەوەماڵ دایکی دووکاری لەسەر یەکتری بەبێ دەکات وهێندێك قسەی لەگەڵدا دەکات بۆ ئەوەی بێزارنەبێت وبزانێ بۆچــی هەمیشــەئەو هاتورەیە و نایەوێ لەگەڵ کەسدا تێکەڵ بێت، هەرلەبەرئەمە لانــە تــوڕە دەبێت و دەچێتەوە ناو باخچەکەی بۆئەوەی لەوێ ئارامبێتەوە و لەگــەڵ کەسدا قسە نەکات، لەوکاتەدا چــۆلەکەیەك بــەجریووە جریــوو بەســەر سەری لانەدا دەفڕێت و دەجریوێنێ ولەســەرلقی دارێــك دەنیشــێتەوە و دەست دەکاتەوە بەجریوە جریــوو! بۆیــە لانــە بێزاردەبــێ و بــەردێکی تێدەگرێت وچۆلەکەکە دەفڕێت و دووبارە لەسەرلقێکی تر دەنیشــێتەوە و دەست دەکاتەوە بەجریووە جریوولەو کاتەدا لانە هاوار دەکات و دەڵێت: دەبــڕۆ وازم لێبێنە سەرەی تۆیــە! چۆلەکەکەدەفڕێت و بەیانی زوو دێتەوە بۆناوباخچەکەو بۆ چەندساتێك چاوەڕوانی لانە دەکات و لەکاتێکدا لانە پەیــدا دەبێــت و چــۆلەکەکەش دەســت دەکاتــەوە بــەجریووە جریــوو ئەمجارەکەمێك نزیکتر لەلای لانە دەنیشــێتەوە، لانــە ســەری بــادەداو

دەڵێ: دیسانەوە ئەم لاسارە جریواندی خۆزگە بمزانیایە چی دەڵێ، بەڵام لانە هەرگوێ ناداتە چۆلەکەکەو دووبارە بەردێکی تێدەگرێت وچۆلەکەکەش سەیری لانە دەکات و ناجریوێنی، پاش ماوەیەکی کەم چۆلەکەکە دێتە خوارەوە سێ چوار هەنگاو لە لانە نزیك دەبێتەوە لێی دەپرسێ چۆنی هاوڕێکیان بۆچی دڵتەنگ دیاری؟ بۆچی هەربەتەنهادێیتەناو ئەم باخچەیەوە؟ لانە: چونکە ... چۆلەکەکە لەو کاتەدا دەفڕێت و گوێ بۆ لانە ناگرێت و نایەوێ تێکەڵی قسەکانی بێت! بۆیەلانە زۆر نیگەران دەبێت کەچۆلەکەکە گوێی بۆنەگرت و لەکاتی قسەکانیدا فڕی، پاش کەمێك چۆلەکەکە هاتەوە لای لانەو پێی گوت: فەرموو قسەکانت بکە! لانە: هیچ ناڵێم بۆچی ئەوها لەکاتی قسەکردنی مندا فڕیت وگوێت بۆنەگرتم ئێستا منیش قسەناکەم وگوێت بۆ ناگرم چۆلەکەکە گوتی: هاوڕێ گیان تۆپێت ناخۆش بووکەمن گوێم بۆنەگرتی و لەکاتی قسەکانی تۆدافڕیم؟

لانە: بەڵێ

چۆلەکەکە: هاوڕێی ئازیزم تۆکاتێك یەکێك قسەبکات گوێی بۆدەگریت

لانە: نەخێر.

چۆلەکەکە:کەواتە منیش گوێ بۆ تۆ ناگرم.

لانە: ئاخرمن زۆرم پێناخۆشەکاتێك قسەبکەم ئەوەی بەرامبەرم گوێم بۆ نەگرێت و یەکسەر بڕوات و خۆی لەسەرم تورە بکات .

چۆلەکەکە: لانەگیان ئەوکەسانەی کەواقسە بۆتـۆش دەکـەن بەهـەمان شێوە پێیان ناخۆش دەبێت کەتۆ گوێیان بۆناگریـت و خـۆت لەسـەریان تورەبکـەیت چـونکە، ئـەوانیش وەك تـۆ هەسـتیان هەیـە چـۆلەکەکە بۆماوەیەکی زۆر ئامۆژگاری لانەی کردوو بڕوای بەلانە هێنا کـە چـەند ناخۆشەکاتێك قسەدەکەیت گوێت بۆنە گـرن یـاخود خۆیـان لەسـەرت تووڕە بکەن، دوای قسە کردنێکی زۆرچۆلەکەکەو لانە بوون بـەهاوڕێی یەکترو هەموو ڕۆژێ لەناوباخچەکەی لانە یەکتریان دەبینی وگفتوگۆیان دەکرد پاش ماوەیەکی زۆر ڕۆژێ چۆلەکەکە لەلانەی پرسی لانەگیان تۆ گوتت زۆرکات  لەگەڵ دایە و بابەنـەبووم و لەقسـەکانیان وەڕەسـبووم ودەهاتمە ناوباخچەکەم  بەڵام، پێم بڵێ ئێستا لەگەڵیان چـۆنی؟  لانـە: ئێستازۆر باشم و تورەنابم و هەرکاتێکیش دایەو بابـەم لـەماڵ کاریـان نەبێت دێنەناو باخچەکەی منـەوە دەسـت دەکـەین بەقسـەو پێکـەنین ودەست خۆشیم لێ دەکەن و بەگوێشیان دەکەم  چۆلەکەکە: ئافـەرین لانەی ئازیز بەڕاستی ئێستا هاورێی منی چونکە منیش وەکو تۆ لەگـەڵ هەمووکەس باشـم ودایـەو بابـەم خۆشـدەوێ‌و ڕێـزی هاوڕێیەکانیشـم دەگرم.

لانە: چۆلەکەگیان من هاوڕێم کەمەتۆچەند هاوڕێت هەیە؟

چۆلەکە: ودود، دوودی، کوکی،  پـۆلا وزۆری تـریش دەتـەوێت بیـان ناسی؟

**لانە: بەڵێ زۆرم پێخۆشە**

**چۆلەکە: انشاء الله بەیانی هەرسێ چوار هاوڕێم دێنم.**

**لانە: ئەی پۆلا کێیە؟**

**چۆلەکە: پۆلا هاوڕێیەکی خۆشەویستمە وەکو تۆ هەروەها باخچەیەکی خنجیلانەی هەیە، وەکو تۆ زۆریش قسەخۆشەو دەمێکە هاوڕێمە**

**لانە: باشە زۆرسلاوی لێ بکەو کوکی ئەوانیش بێنە**

**چۆلەکە: باشە لانە ئێستا دەڕۆمەماڵەوە کات درەنگە بەنیازی دیدار**

**لانە: بەنیازی دیدار.کاتێك چۆلەکەفڕی لانە هەربیری لە بەیانی دەکردەوەو دەیگوت دەبێت هاوڕێکانی چۆلەکەکە چۆن بن، دەبێت وەکوخۆی قسەخۆشبن و ئەوها جوان بن؟ بۆیەلانە ئەوشەوەش تادرەنگانێك خەوی لێنەکەوت، هەر لەبەرئەمە بەیانی درەنگ لەخەوهەستا، لانە دوای دەم و چاوشوشتن ونان خواردن وکارەکانی تری ئینجاچووەناو باخچەجوانەکەی بینی وا چۆلەکەو هاوڕێیانی چاوەڕوانی دەکەن، لانە سلاوی لێ کردن وچۆلەکەش هەموو هاوڕێیانی بەلانە ناساندو ئینجاکەوتنە گفتوگۆکردن، بۆیە لانە لەگەڵ ئەوانیش بووبە هاوڕێ وچۆلەکەش گوتی: لانەگیان بیرم هاتەوە پۆلای هاوڕێم زۆرسلاوی لێ دەکردی و ئەم نامەی یەکسەربۆ نووسی کاتێك کەباسی تۆم بۆکرد، لانە:ئا! کوابێنە تەماشای کەم**

**چۆلەکە: دەوەرە لەقە دقاچم بیکەرەوە**

لانە بەهێواشی داوی نامەکەی لەقاچی چۆلەکەکە کـردەوەو نامەکـەی خوێندەوەکە پۆلاّ ناوی تەواوو پێناسەی کارەکـانی خـۆی بـۆ کردبـوو هەروەها خۆشحاڵی خـۆی بـۆ دەربـڕی بـوو بەهاوڕێیـەتی و نـاردنی سلاّوەکەی، بۆیە لانەش گوتی:چۆلەکەگیان دەکرێ نامەیـەکی منـیش بەی بۆپۆلاّ؟

چۆلەکەش: بەڵێ ئازیزم زۆریشم پێخۆشە، لانە نامەیەکی بۆ نووسـی و ناونیشانی خۆی تیا دانووسی و بەچۆلەکەی گوت زۆرسـلاّوی لێ بکـە، چۆلەکەگوتی: دەی هاوڕێیان بابڕۆین ئەم نامەیە بدەینە پـۆلاّ و ئەوسـا دەچینەوە ماڵ، بۆیـە چـۆلەکەو هاوڕێیـانی لانـەیان بـە خوداسـپاردو ڕۆیشـتن. دوای ئەمـەش چـۆلەکەو هاوڕێیـانی سـەردانی لانـەیان دەکردونامەش لەنێوان لانەو پۆلاّ زیاتر دەبوو، بۆیـە لانـەو پۆلاّبووبـوون بەهاوڕێیەکی دڵسۆزی یەکتر، لەبەرئەمەڕۆژێك پۆلاّ بڕیاریدا بچێت لانەی هاوڕێی ببینێ کەماوەیەکی زۆرە هاوڕێیەتی بۆیە پـۆلاّ هاتـەلای لانـەو دووبارە خۆشحاڵی خۆیان بۆیەکتردەربڕی وباسی زۆرشـتیان کـرد کـە پێشتر لەنامەکاندا بۆیەکتری نوسیبویان،

لانە: پۆلاّ دەتوانم دووبارە بپرسم ماڵتان لەکوێیە؟

پۆلاّ:ماڵمان لەودیوی چیاکەیە

لانە: باشەزۆر دوورنیە دەتوانم بێم، چەندخوشـکت هەیـە پـۆلاّ گیـان؟ تەنهایەك خوشکی ترم هەیە، لانە دێم ودەیناسم

پۆلاً: باشه چاوەڕێت دەبین، دوای ئەوەی دایك وباوکی لانه لەگەڵ پۆلاً کەوتنەگفتوگۆو پرسیارکردن پاشان پۆلاً داوای ڕۆیشتنی لێیان کردوو بەرلەماڵ ئاوایش بەلانەی گوت: وەرەتاوەکو باخچەجوانەکەم وکتێبخانه خنجیلانەکەم ببینی هێندێکیش یاری بکەین.

لانه: باشەپۆلاً ئاگاداری خۆت به، خوات لەگەڵ، دوای ڕۆیشتنی پۆلا ٚدایك وباوکی لانه زۆرزۆردڵخۆشبون کەکچەکەیان بەتەواوی گۆڕاوەو هاوڕێیەکی باشیشی پەیداکردووه هەروەها دەشتوانێ لەگەڵ هەمووکەس قسه بکات بەشێوەیەکی زۆرجوان، پاش پێنج شەش ڕۆژلانه داوای لەدایك وباوکی کردکە ڕێگای بدەن وبچێت سەردانی پۆلاً بکات بۆیەدایك وباوکی زۆرخۆشحاڵ بونەوه کەکچەکەیان ئەوها باشبووه زۆریشیان پێ خۆش بوو، بۆیه لانه هەرئەوکات جل وبەرگی لەبەرکردو سەگەبچکۆلانه نەکەی کەناوی نابوو(بوزۆ) لەگەڵ خۆیدابردی وپاش ماوەیەك بەرێگادا ڕۆیشتن و هێندێك ماندووبوون گەیشتنەلای پۆلاً، ماڵی پۆلاًش زۆربەخێرهاتنی لانەیان کردوو سوپاسی چەپکەگوڵەکەی دەستی لانەیان کرد کەبەدیاری بۆی بردبوون، پاش کەمێك پۆلاً داوی لەلانەکردکەبچنه ناوباخچەکەیەوەو هاوایەکی باشترهەڵمژن،کەچوونەناو باخچەکەوەو دوای هێندێك قسەکردن چۆلەکەو هاوڕێیانی بەدیارکەوتن وزۆرزۆرخۆشحاڵ بوون کەبینیان لانەبۆ یەکەمجارەسەردانی پۆلاًدەکات،

هەروەها پۆلآو لانەش داوایان لەچۆلەکەو هاوڕێیانی کـرد کەلەگـەڵیان بنیشـن و کـاتێکی خـۆش بەسـەربەرن، بەرلەهەسـتانی لانەچـۆلەکەو هاوڕێیانی خوداحافیزیـان کردوڕۆیشتن بـۆلای هاوڕیـەکی تریـان، لانەش دوای ئەوان داوای لەپۆلآکرد کەماڵئاوای لێبکات بڕواتەوە بۆیـە پۆلآگوتی : سەیرێکی پەرتوکخانە خنجیلانەکەم بکە ئینجا بڕۆوە کاتێك لانەچوەناو پەرتوکخانە خنجیلانەکەی پۆلآوە بینی کەکۆمەڵێك پەرتوکی منداڵانی بەسودی تێدایە، بەلآم کەمێك پێی شەرم بووکەوا داواله پـۆلآ بکات کەیەك دووپەرتوکی بداتێ ودوای خوێندنەوەی بـۆی بێنێتـەوە، بەلآم کەتەماشای کرد پەرتوکەکان زۆربە سودن لانەی ژێرئەوشـەرمەی شـکاندو داوای لـەپۆلآ کـرد یـەك دووپـەرتوکی بـداتێ ودوای خوێندنەوەیان بۆی بێنێتەوە، پۆلآش دەست خۆشی لێیکردوگوتی: تۆش داوات نەکردایە بۆخۆم یـەك دووپـەرتوکی بەسـودم دەدایتـێ، دوای ئەمەش لانەخودا حافیزی کردوو زۆرسوپاسی پۆلآی کردو لەگەڵ بـوزۆ داو دوو پەرتوکی بەسود بەرەوماڵ گەڕایەوە لەوکاتەشدا دایـەو بابـەی دالی بانگی دالییان کردوو گوتیان دالی گیان وەرەنـان بخـۆ دالـیش لەژێرزمانەوە گوتی ئای کەچیرۆکێکی خۆشبوو، دوای ئەمەش هـاواری کرد باشە بەسەرچاو ئەوەهاتم ...

# پەپوو

بارانی بـەهار نم نمـەدەباری ودارسـتان لـەکاتی سـەوزبوونی دابـوو، لەبەرئەمەگیانداران زۆردڵخۆش بون و دەیان ویست بۆخۆیـان شـوێنێك بدۆزنەوەوبیکـــەن بـــەماڵی خۆیـــان وداگـــیری بکـــەن، بۆئـــەوەی ئەووەرزەجوانەی تێدابەسەربەرن وهەموو ڕۆژێـــك بـــێ هـیچ دوودڵــی وگەڕانێـك بێنەوە ناو لانەکـەی خۆیـان و بـەئارامی وبـــەخۆشی لێــی پاڵکەون ولێی بژین.

پەپوولـــەبەرئەوەی ســاڵی پـــارهیچ شـــوێنێکی بـــاشی دەســـت نەکەوتبووهەروەهاژیانی زۆربەناخۆشی بەسەربردبوو، بۆیە هەر زووکەوتە خۆی وبڕیاریـدا کەئـەم بـەهارە هێلانەیـەکی جـوان دروسـت بکـات لەشوێنێکی دڵگیردا.

بۆیە کەوتە گەڕان ودوای گەڕان وماندوبوونێکی زۆر پـەپوو شوێنێـــکی زورخۆش ودڵگیری دۆزیـیەوە کەلـــەسەر دارێـــکی بـەرزی دارسـتان وهــەموو دارســتانی لێــوە دیــاربوو، پــەپوودوای هــەوڵ وکۆششــێکی زۆرهێلانەیەکی گەورە و فراوانی لەسەر ئەو

دارە بـەرزە دروست کـرد، هەروەهـا بەجـوانــی سەیـری دارسـتانی دەکرد وبەئارامیش دەژیـا، ئێـوارەیـەکی فـــێنك و جـوان کـەئارامی باڵی بەسەر دارستانەکە داکێشابوو هەڵۆی دارستان بـەخێرایی لـەپێش

هێلانە جوانەکەی پەپوونیشتەوە وگوتی: هاوڕێ میوان ڕادەگری تەنها بۆ ئەمشەو؟

پەپوو: هەڵۆی بەڕێز

تۆ پادشای باڵدارانی دارستانی و دارستان وماڵی من ماڵی تۆیە

هەڵۆ: سوپاس پەپوو، پەپوو: گەورەم زۆرمانـدوو دیاری بەچی خزمەتت بکەم؟ هەڵۆ: بەهیچ سوپاس شوێنەکەت زۆرخۆشە لەدوورەو ەبینـیم پـێم جوان ودڵگیربوو

بۆ یەئەم شوێنەم هەڵبـژارد بۆئەوەی ئـەم شـەو مانـدوو بونـم تیایـدا بحەسێتەوە.

پەپوو: زۆر بەخیربێت گەورەم

هەڵۆ: باشەدەمەوێ بخەوم زۆر ماندووم بێ دەنگ بە پەپوو زۆردڵـگران بوو کە هەڵۆ قسەی پێ بـڕی، بەلاّم گوێـی نەدایەو لەدڵی خۆی گوتی زۆر ماندووە بابنوێت میوانە، بۆیە پەپووش هیچ قسەی نەکردوو ئـەویش لەولای هەڵۆوە... نوست تـاوەکو بەرلـەوی ڕۆژهـەڵبێت کاتێـك کەهـەر دووکیان هەستان پەپوو گـوتی: ڕۆژباش هەڵـۆ: باشتر پەپوو: گـەورم چیت بۆبکەم وخزموتت کـەم هەڵۆ: هیچ دەڕۆم هەڵۆ دایە شەقەی بـاڵ وفـــڕی بەسەردارســـتانداو دیارنـــەما پەپوولـــەدڵی خۆیـــداگوتی دیـارەگرفتێکی هەیە بۆیـە ئـەوها گفتوگـۆی کـرد هەروەهـــا پـەپوو دەیـگوت خۆزگە شتێکی بگوتایـە و خـزمەتم بـکردایە بەلاّم، دیـــارە

هەربۆخـۆی دەتوانێـت چـارەی بکـــات لەبـەر ئەمـــە پـەپوو هـەڵۆی لـەبیرکردو ئـەو ڕۆژە وەکـو ڕۆژەکـانی تـر بەخۆشـی و یارمەتیـدانی هاوڕێیان و پەرتوك خوێندنـەوەو یـاری کـردن خـەریك بـوو، بـــەڵام لەکـاتێك خەریـك بوو ڕۆژ ئـاوابێت گـەڕایـەوە هێـلانەکـەی خـۆی و بینی وا هـەڵـۆ لەهێـلانـەکـــەی دایـــە و زۆربـەتـــوڕەیی سـەیـــری دەکـات پەپوو: سڵاو گەورەم بەخێربێتەوەبۆ ماڵەکەم.

هەڵۆ: تۆبەخێربێت بۆماڵەکەم. پەپوو: گەورەم ماڵ ماڵی تۆیـە دەتـوانی تیـادابە ئـارامی ئەمشەویش پشوبـدەی

هەڵۆ: بەڵێ ماڵ ماڵی منەو ئێستاش فـەرمووو بـڕۆ. پـەپوو هـەڵۆ ئەمـە مانای چیە گەورەم؟ هەڵۆ:مانای ئەوەیە ئەم هێلانەیەماڵی منـــەو تـۆش تـەنها ئـەمشەویش جێگـات لێـرەنابێتـەوە

پەپوو: ئاخر گەورەم تۆ بۆخۆت دەزانـــی کـەماڵێکی ئەوهـــا فـراوان وخـۆش مانـــدوبونێکی زۆری دەوێ تـــاکو دروسـتی دەکـەی چـۆن ویژدانت قبوڵ دەکات دوای ئەو ماندوبونە زۆرەم ئەوها بەئاسـانی لـێم وەربـگری بێ هیچ یارمـەتی و پرس پێ کردنـێ. هـەڵۆ: هەرچـییەکم بوێ لەباڵدارانی دارستان بێ پرس دەیکەم ودەمەوێ

پەپوو: باشەگەورەم من دەزانم تۆ دەسەڵاتت هـەیە بـەڵام توخـودا وازم لێبنە بابەئارامی لەهێلانەکەمدا بژیم ماڵی پاری منـت بیرنایـە کەچـەند ئازارم چێشت؟

هەڵــــۆ: گوتــــم بــرۆ باخـــراپترت بــەسەرنەیەنـــم لێــرەدا پــەپـــوو گفتوگۆیەکی زۆرو لێپرسینەوەیــەکی زۆری لــەگەڵ هەڵـــۆکرد، بــەلام هەڵۆ هەرلەسەر کاری خۆی مایەوەو خراپتر قسەی بە پەپوو دەگوت بۆیە پەپوو هیچ چارێکی نەماو دەستی بەرز کردەوەو هــاواری بۆخــوا کــرد وگــوتی (( لاالە الا اللە العظیم الحکیم • لاالە الا اللە رب العرش العظیم لاالە الا اللە رب السموات ورب الارض العرش الکریم )) دوای ئــەم دوعایــە پــەپوو بــەچۆکدا کــەوت وگوتی یــارەبی تـــۆ بــۆ خــۆت هـــەقی منـــی لێ بکەرەوە هەڵۆش بەپێکەنینێکی گاڵتەجارییـــەوە گــوتی بـــاشە بــاش تۆبرۆ هەرلــەم کاتــەدا پــەپوو هێشــتا هێلانەکـــەی بــەجێ نەهێشــتبوو بارانێکی نم نم باری ویستی بەبەرئــەو بـــارانەوە بەدڵشـکاوی بفرێــت وبڕوات بۆشوێنێکی نادیار بەلام بەرلە فڕینی پــەپوو دوونیا لەبــەرچاوی پــەپــووسپی بــوو گـــوێ ی لـــە دەنگێکـــی گــەورەو بـــروسکەیەکی بەهێزبوو بۆیە پەپــوو زۆر ترساو وای زانـــی بروسکەکەبەری دەکەوێــت و دەیسوتێنیێ بەلام کاتێك پەپوو چاوی کردەوەبینی هیچی لێ نــەهاتووە لەبەرئەمە هەردەستبەجێ سوپاسی خودای کردو گوتی گەورەم تۆهیچت بەسەر نەهاتووە لێرەداهەڵۆ هیچ وەلامی نەدایەوە.

پەپووکەمێك چووە پێشتر سەیری چاوەکانی هەڵۆی کرد کە ســوربووووەو خوێنیان لێ دەڕوات، بۆیــە دڵــی بۆسوتـــاو گـــوتی گــەورەم چـــۆن

**خزمەتت کەم هەڵۆش لەشەرمەزاریداو لـە ئێشی چاوەکانی هیچی بۆنە گوتراو هێواش هێواش کــەوتــە فڕین و هێلانەکەی جێهێشت .**

**هاوڕێ کانم هەربۆ یەنابیێ هیچ کات مافی خەڵکی تربخۆین وچـاومان لەماڵ وسەروەت وسامان وپلەو پایەی خەڵکی بێت *واتای دوعاکە واتە: (هیچ پەرستراوێك نیە بەهەق جگە لە(الله) ی مەزنی هێدی. هیچ پەرستراوێك نیە بەهەق جگە لەپەروەردگاری عەرشی گەورە. هیچ پەرستراوێك نیە بەهەق جگە لە پەروەردگاری ئاسمانەکان وپەروەردگاری زەوی پەروەردگاری عەرشی بەڕێز.)**

*سەرچاوەی بە کوردی کردنی دوعاکە

قەڵای موسڵمانان لەزیکرەکانی ڕۆژانەو شەوانە لەقورئان وسونتدا، کۆکردنەوە و ئامادەکردن ووەرگێڕانی بەڕێزحەمزە بەرزنجی پێداچونەوەی لەلایان مامۆستا عبدالکریمەوە بۆکراوە

# ئایەڕاستەچاکەی سەربەخۆ پەشیمانی لەدوایە؟

پەپولەسولەیمانیەکی جوانی باڵ نەخشین لەناودارستانێکدا دەژیاوژیانی خۆی بەکامەرانی ودڵخۆشی بەسەردەبرد، هەروەهابەپێی توانایارمەتی زۆرینەی گیانلەبەرانی دەدا، جارێکیان پەپولەسولەیمانی چوەسەردارێکی بڵندوسەیری دیمەنی جوانی دارستانی دەکردو بیری لەچۆنیەتی دروستکردنی دەکردەوە، کاتێك سەیری ئەودارستانە جوانەی دەکرد بینی واقەلە ڕەشکەیەك دووسێوی بەدەستی هەڵگرتووەو چەندین شتی تریشی پێ یەو ناتوانێ بەتەواوی بفڕێت، پەپولەسولەیمانی ئەم دیمەنەی بینی گوتی دەبێ یارمەتی بدەم، پێویستی بەیارمەتی هەیە، بۆیە لەسەردارەکە هاتەخوارەوەوچوەلای قەلەڕەش وگوتی قەلەڕەش گیان ئەگەردەتەوێ یارمەتیت دەدەم چونکە وابزانم تۆ ناتوانی بەباشی بفڕیت هێندەشتت پێ یە. قەلەڕەشیش بێ ئەوەی سوپاسی بکات یەکسەرگوتی تۆ ئەم دووسێوە هەڵبگرە،کاتێك قەلەڕەش دووسێوەکەی دابە پەپوولە پەپوولە زۆردلخۆش بوو چونکە لەدڵی خۆی دادەی گوت یارمەتی دان کارێکی زۆرباشە قەلەڕەشیش لەم کاتەدا دەستی بەفڕین کردوو پەپوولەش کەوتەدوای وتاوەکو ماوەێکی باش کەوتنەفڕین ونزیك ماڵی

قەلەڕەش بونەوە پەپوولەسولەیمانی لەم کاتەدا لەناکاو سێوێکیانی لەدەست بەربۆوەو کەوتەسەر زەوی وشکا، قەلەڕەشیش بەتوڕەی ئاوڕی لێ دایەوەو چەندین قسەی ناخۆشی پێ گوت سەرباری ئەوەی کەیارمەتیشی دابوو هەروەهاچەندین جاریش دەی گوت باڵەکانت بشکێن وهیچ کاتێك خێرلەخۆت نەبینی، پەپوولە سولەیمانی زۆر داوای لێبوردنیشی لێکرد، بەڵام سودی نەبوو لەکۆتایدا قەلەڕەش گوتی: دەی ئێستا بڕۆ لەبەرچاوم وونبە ناشیرین جارێکی ترلێرە نەتبینم بۆیەپەپوولە سولەیمانی زۆردڵتەنگ بوو چونکە هیچ کات لەدەست  خۆشی زیاتری پێ نەگوترابوو، بۆیەزۆر بەدڵتەنگی یەوەلە بەرچاوی قەلەڕەش فڕی وچوەسەردارێك وبیری لەوتە ناخۆشەکانی قەلەڕەش دەکردەوەو دەیگوت ناتاوانی خۆمە بێ داوای یارمەتی یارمەتیم داوە، بۆیە پەپوولە سولەیمانی پاش بیرکردنەوەیەکی زۆرگوتی شەرت بێت تاوەکومن بمێنم هەمیشەیارمەتی هەمووگیانداران بدەم بەپێی توانام هیچ کاتیش سەربەخۆخۆم لەکاری کەس وەرنەدەم وسەربەخۆ یارمەتی کەس نادەم تاوەکو داوای یارمەتیم لێ نەکات.

# بیربکەوەلەکارەکانت و زووجێ بەجێیان بکە

کۆترەبـــــاریکەیەکی جـــوانی سەرسوڕهێنەرلــــەنێو دارســـتانێکدا دەژیا.هەندێك كات بیری دەکردەوەبیروبۆچونی زۆرجوانی بۆدەهـات وبیرۆکـەکـــانی زۆرجـــوان بـــوون. جـاری واهـەبـــوو هەنـــدێك لـەکاتـەکـانی بەبیرکردنـەوە بەسـەردەبرد ئەگـەر پێویسـتی بـــەبیر کردنــەوەبـوایـە، هــەروەهــا زۆرزیــرەك و تێگەیشتوبوو، لەبیرو بۆچونی لەگــەڵ هەوڕێ کـانی جیاوازو باشترو تێگەیشتوتربوو ،کـاتی واهـەبوو بـەهۆی بیروبۆچونـە بـاشەکـانـی شتی زۆربـاشی بۆڕێـك، دەکـەوت هــەردەم بۆچونی باش وپێشکەوتوبوون، بەلاّم لەگــەڵ ئەوبیروبۆچونـــە جوانــــانەهیچ جـــێ بـــەجێ کردنێکــــی لەگـــەڵ نـەبووتەنـانـــەت کۆتـرەبـاریکـەبـەهۆی بیروبۆچونـەکـانی جاری واهەبـوو بـــاشترین پـــلەوخۆشترین ژیـــان وگـەورەتــرین ڕیـزلێنانــــی تـاهەتـایـــی بـۆڕێك دەکـــەوت، بـەلاّم کـاتی ئەوەبهاتـایـە جێ بـــەجێی بکـات بۆئـەم هەموو ڕێزوگـەورەیەیی وچەندین شتی تر، ئەوەجێ بـــەجێ ی نـەدەکردو دەترساودوو دڵ بـوو، بۆیـە هـــچ کـــاتێك نـــەدەگەیشتە ئـاوات وخەونــە جوانەکـانی، چونکە ئـەوبیرو بۆچــونە جوانـا نـەهیچ جێبــەجێ کردنێکــی لەگـــەڵ دانـەبـــوو، بـۆیـــە هەرئـــەو هـــا

وەکـوخەونێك دەمـايەوە زياتر لەسەری کۆدەبووەو مێشـکی مانـــدوتر دەکرد، بـەڵام کۆتـرە باريکەهەرئـەوهامايـەوەتـاکوخۆی دابـەدەستی ژيانـــەوەو هيچـــی بۆدەستەبەرنـــەبوو،خۆڕاستيشەدەڵێن بيرکردنـــەوە کـارگـــەی مێشکەبۆسەرکـــەوتن وگەيشـــتن بـەئـــامانج بـــەڵام هـاوڕێکـانم هيچ بيروبـۆچونێك بـەبێ جێ بـەجێ کـردن و کۆشـش نايەتەبەرهـــەم هەمووبيروبۆچـونێك مانـدوبـــون و کۆششـــی دەوێـت ،تـاکودەگـەی بەئـامانج هەروەها ژيری وزيرەکی وەکودارێکی جوانی بێ بەرهەم وايەبەبێ کۆشش وهەوڵدان وجێ بەجێ کردن.

بـۆيـــەهاوڕێکانم دووبـارەدەيڵێمەوەئـەگـــەربيروبۆچونێکی جوانتـان بەمێشك وخەيـاڵ داهات ئەوەيـەکسەرجێ بـەجێی بکـەن ونەترسـن بڵێن ئەم کارەگەورەيەوئەم کارەنـاکرێت چـونکەگەورەترين دوژمنـی تـــرس ودوودڵـــی جێبـــەجێ کـــردن وکۆشـــــەهەرلەبەرئەمەهەردەم بيروبـۆچونەجوانەکـانتان جێ بـەجێ بـکەن ودوودڵ مـەبن ومـەڵێن بەيـانی يـــان دوو بەيـــانی يـاکـــاتێکی ترچونـکەبـاوبـــاپيرانمان گوتويـانـە.... کاری بەوەقت پادشای سەرتەخت.

# ئازیز

ئازیزکچـێکی ژیـری ژیکەلانـەبوو، لـەپۆلی سـێ یـەمی سـەرەتایی دەیخوێندو هەمـــوو سـاڵێ بـەیـەکـــەم دەردەچـوو، لـەکـــارەکانی ڕۆژانەو یارمەتی دانی دایکی دا زۆرسەرکەوتـووبوو، ئـازیـز سـەرباری ئـەوەی کەپشـوی هـاوین بـــوو، هەمیشـە بـــەدەست بـەتـــاڵیەوە ڕانـەدەوەستاو خۆی بەکـاری گرینگەوە سەرقـاڵ دەکرد، هـیچ کـات پشوی نەدەدا لەیـارمەتی دانی خەڵـــکی و پـەرتـــوك خوێندنـــەوەو کـارەکـانی خۆی، تەنهابـۆ پێویسـتی پشـوی دەدا، کاتێـك کەپشـوی هاوینی قوتـابخانە تـەواوبـــوو، قوتابخانـە کرایـەوە ئـازیزبوو بـەپۆلی چوارو زۆردڵخۆش بووکە قوتابخانەکرایەوە دەسـت دەکاتـەوە بەئەرکـە هــەرەگرینگ و پیرۆزەکـــەی خـۆی، کـــاتی دابەشـــکردنی پـــەرتووك وپێداوستیە کانی قوتابخانەهات لەبەرئەوەی کەئـەو ساڵە پـەرتـــوکیی کوردی کـەم هاتبوو بـۆقـوتابخانـە خنجیلانەکەی ئازیز هەرلەبەرئەمـە دووسێ کەس ویـــەك پەرتوکیـــان وەرگـرت، بـۆئـــەوەی لـــەسەری بخوێنن و زیـاتر شارەزابن لـەزمـانـە پیرۆزەکەی خۆیان، واڕێککـەوت کەئـازیزی ژیکەلانەلەگـەڵ کوڕێکی لاسارو ناچـالاك لـەقوتـابخانـــە پـەرتـووك وەربگرێت، دەستکرابە خوێندن و ئەم کوڕەلاسارەزۆرکـەم

پــەرتووکــەکەی دەدابەئــازیزچونکە ڕەچاوی سەرەو مــافی نــەدەکرد، بۆ یەڕۆژێك ئازیز وەکو مافێکی خۆی زۆربەنەرمی و جـوانی داوای لیٚ کرد کەپەرتوکـــەکەی بـداتیٚ، بـــەڵام گــوتی: بـەخوا پەرتووکەکــەم نەهێناوە لەماڵەوەیە بەیانی بۆت دێنم، بۆیەکەگەڕایەوە ماڵ زۆر بــەدوای پەرتووکەکەدا گەڕا تاوەکو بینیەوەکاتێك کەبەیانی داهــات وگەڕایــەوە قوتابخانەلەبــەر ئــەوەی ئــازیز زۆر بــەجوانی داوای پەرتووکەکــەی لیٚ کردبوو هەر بۆیە خۆی چــوەلای ئــازیزو پەرتووکەکــەی دایــە دەســتی ئازیزیش زۆرسوپاسی کرد، بــەڵام کاتێــك کـــەچووە ســەر ڕەحلەکــە پــەرتووکەکــەی کردەوە بۆئــەوەی زمــانی شیرینی کوردی بخوێنێتــەوە بینی کــەئــەم پــەرتووکــە هــەرنزیکی مــانگێکــە وەرگیراوە بۆ ئــەوها پــیس بـــووەو نوســـراوی لـــەسەرەو زۆربـــەی پــەرەکانی وێنــەی لەسەرکێشراوە بۆیەکاتێك کەئەمــەی بینــی زۆر زۆر توڕەبــوو چــوەپێش لەکوڕەکەو گوتی: چاوت نابینیٚ کە ئەمە پەرتوکەو لێنووس نییە بــۆچی کردوتــەبـــەلێنووس و شــتی بــیٚ کــەڵکت لەســەر کێشــاوە نـــازانی کەڕەنـــگەساڵێکی تــر هاوڕێیــەکت ئـــەم پـرتووکـــە وەربـــگرێت و وەڕسبێت وپێی نــەخوێندرێــت بــەهۆی ئــەم نوسراو وێنانــەوە، کاتێــك ئەم کوڕە ئەو قسانەی بیســت کــەئازیز ئــاوا بەتـــوڕیی ئــامۆژگـــاری دەکات پەرتـــووکەکــەی لــیٚ وەرگـــرت و دای بـــەسەری داو دووســـیٚ لاپــەڕەی دڕاندو هەروەلاٚمیشی نــەدایــەوە،کاتێك ئــازیز گەڕایــەوەماڵ

زۆردڵتەنگ بــوو چــونکە پــەرتووکــەکـــەی  دڕاوەو بۆیەکــەم جارەلــە قوتابخانە شەڕ بکات شت بدرێ بە ســەریداو گویــێ بۆنــەگیرێت، بۆیــە ئەوکاتەی کەگەڕایەوە ماڵ هەربەناچاری پەرتوکەکەی چــاك کــردەوەو بیری کردەوەکە چ ڕێگایەك بگرێتەبەر بۆ ئــەوەی کەئـــەم کوڕەچــاك بێتەوە  کــاتێکیش کەپــەرتــووکــەکــەی دایــەوە دەستی جــارێکی تــر بیــداتـــەوەو شـــپڕزەی نــەکـــات، بۆبــەیـــانی ئــازیزگـــەڕایەوە قوتــابخانــەو هیچ قسەی نــەکرد بۆئــەوەی کــەوا ئــەم کوڕە ڕقەکــەی زیاد نەبێت وبیکات بەئــاژاوە، دوای چــەند ڕۆژێــك هەســتی بــەوەکرد کەبۆخۆشی هەڵەی هەیە، بەڵام هەرهیچی نــەوت بــۆ ئــەوەی کارەکــە هــێمن بێتــەوەو لـــەبیری نـــەمێنێت ، دوای ماوەیــك ئــازیز چــوەلای کوڕەکەو گوتی: سڵاو هاوڕێکەم، منداوای لێبوردن دەکەم لەو کــارەی ئەو جارەمان بــەڕاستی هەڵەی من بــوو تــۆش لەســەر ڕاســت بـــووی چونــکە من دوای  چونەوەم ئەو ڕۆژە ســەیری پەرتــووکــەکـــەم کــرد وێنــەی زۆر زۆرجوانـــت کێشــاوە خەتیشـــت خــۆش دەبێــت بــەهیوام هەربــەردەوام  بیــت، لـــەڕاستی دا ئــەمــانـــە زۆر ڕاســت نــەبـــوون چونکە وێنەکانی زۆرجوان نەبوون بەڵام کەمێك باش بوو، ئــازیــز ئــەم قسانەی تەنها لــەبــەر ئەوەبــوو کــەوا ئــەم کێشەیــەبــە شێـــوەیێـــکی بــاش چارەســەر بــکـــات سودیشـــی بــۆخـــۆی و بــەرامبەرەکـــەی هــەبێت وبــەردەوامی بــکات لەسەر وێنە کێشان.

کاتێك ئەم کوڕەئەم وتانەی بیست زۆردڵخـۆش بـوو چـونکه بۆیەکـەم جاربوو پشتگیری لیٚ بکرێت لەوێنەکێشـان، بۆیەلـه خۆشـیاندا گـوتی نابـەڕاستی ماف و هەقی تۆ بوو! بۆیـه ئازیــزی ژیرگـوتی: هاوڕێکـەم بەڕاستی من سەرسامم بەوێنەکـانت بۆیەمن دەمەوێت داواکـاریەکت لێبکـەم ئـەویش ئەمەیـه کـەدەمەوێت هێنـدێك وێنـەی تـربکێشت بۆئـەوەی منـیش سـودیان لێـوەربگرم! هەرلـەم کاتـەدا ئـازیز پـەرتووکەکـەی دا بەدەسـتی کوڕەکـەوخوداحافیزی لێکـردو هیـوای سەرکـەوتنی بۆخواست وگوتی بەهیوای بینینەوەت.کاتێك کەئەم کـوره ئەو قسانەی بیردەهاتەوه زیاتردڵخۆش دەبوو بۆیەکاتێك که گـەڕایـەوه ماڵ هەردەست بـەجیٚ پـەرتوکی کوردیـەکەی کردەوەو دەستی کرد بـەوێنەکێشان بۆماوەیـەکیش لـەسەرئـەم کـاره بـەردەوام بـوو ئـازیزیش هەمیشه پشتگیری دەکرد.

ڕۆژێك هەردووکیان لەباخچە خنجیلانەکەی قوتابخانەکەیان دانیشتبوون سەیـری وێنەکـانی سەرپـەرتـوکی کوردیـان دەکـرد ئـازیزگـوتی هاوڕیٚ گیـان من دەمـەویٚ پێشنیارێك بـکەم ئـەگـەرتـۆ بەدڵت بێـت ڕەنـگەمن هـەڵـەش بم، بەڵام قسەیەکی لەسـەردەکەین، کوڕەکـەش گـوتی فەرموو هاوڕێکەم گوێم لێته ئـازیز گوتی بەڕاسـتی سەرسـامی وێنەکانت وایان لیٚ کردوم کەنەتوانم ئەم پەرتوکە بدەمـەوە مامۆسـتا، بۆیە دەمەوێت تۆچیترئـەم وێنەجوانانە لەسەرپەرتوك نەکـەیت بۆئـەوەی

هەرلای خۆم بمێنێتەوە وەك یادگاریەکی هاوڕێی خۆشەویستم هەڵی بگرم چونکەبەڕاستی ئەم وێنانەهەق نیە لەناوبچێت،کاتێك ئەم کوڕەگویێ لەم قسانەبووکەهەروشەی وەکو گوڵێکە ئەویش هەروەکو هەنگێك کەزۆرپەرۆشی گوڵ بێت باوەشی بەم قسانەداکردو پێشنیارەکەی پەسەندکرد، لە دوایشدازۆر بەئارامی بەڕێزەوە دوای گفتوگۆیەکی شیرین کورەکە گوتی: دوایین قسەی ئەمڕۆمان ئازیزگیان بەڕاستی زۆر زۆرسوپاست دەکەم هاوڕێ کەم، تۆبوی هاندەری پێنوسەکەم،کەوێنەی جوانتری پێ بکەم، دڵنیابەلەبیرت ناکەم، ئامۆژگاری چاکیش لەهەمووکەس قبوڵ دەکەم .......

# هەمووكارێكی خراپ پەشیمانی لەدواییە!

هەبوو نەبووكەروێشكێك هەبوو لەماڵەوە لەخوشك وبراكـان ولەهــاوڕێ كـانی گەڕەكی خۆیـان لـەهەموویــان گەورەتــربوو جگـە لەمـەش باوكی زۆر زۆر زیرەك بوو، بەلاّم كەم كات لەماڵ بـوو، لەبـەر ئـەوەی كەكەروێشــك لەهــەموویـــان گــەورەتـــرو دەســەلاّت دارتـــر بـــوو بەئـارەزووی خۆی فرمانی بەهـاوڕێكانی دەكـردو دەی گـوت ئـەوەم بۆبكەن وئەوەم بۆبێنن هتد...هەروەهـا بـەئارەزوی خۆی ئـازاریـــانی دەداو فەرمانی پێ دەكردن و هـەموو هـاوڕێو وخوشك وبـراكـــانی لـەدەستی بێزاربون  چونكە هەمووكارێكی پێ جێ بـەجێ دەكـردن هتد...بـەلاّم كاتێك باوكی هاتـەوە هەستی بـەوەكرد كـەكوڕەكـــەی هـاوڕێ و خوشك وبراكانی لێی بێزاربوونە ئازاریان دەدات وفرمانیـان لەهیچ وخۆڕاپێ دەكـات بۆیـە ویسـتی بـەجۆرێك ئامۆژگـاری بكـات كەبەهیچ شێوەیەك هەستی پێ نەكات، بۆیە بـیری  كردەوەو بڕیـاری داو گـوتی چۆن فرمانی بـەخوشك وبـراو هـــاوڕێ كـــانی دەكـات منیش ئـەوهـای لێ بـكەم بۆئـەوەی هەست پـێ بكـات كـەفرمـــان كردن وئـازاردان بـەبێ هیچ هۆیـەكـە گرینگ نەبێت چەنـدنـا خۆشە

هـەروەها باوکی دەیگوت ئەگەر ئەوکارەم کرد هـەستی پـێ نـــەکرد دەبێت ڕێگایـەکی بـاشتر بدۆزمەوە بۆ ئەوەی ئـەوکارە نـەکات. بۆیـە دەستی کرد بـەبیرۆکەکـەی وپـاش ڕۆژێك کوڕەکـــەی زۆر بێزاربـوو، بەڵام بـــاوکی هەروازی نەهێناو زیاترفرمانی پـێ دەکـرد، بـۆیـەلـــە داخـان کـەروێشکی فـرمان کەرخەرێك بوو بـگری! کاتێـك خـەریك بووبگری یـەکسەربیری کردەوە بۆچی کاتێـك خـۆم فرمـانم دەکـرد ڕەنگی دەم وچـــاوی هـــاوڕێکانم دەگـۆڕا ئینجـا هەسـتی بـەوەکرد کەکاتێك خۆی بەسەری هات!

بۆیە زۆری پێ ناخۆش بووکە ئەوکارەی کردووە چونکە خۆی بەســەری هات کـەچەندنـاخۆشە، بۆیە بـەیـانی یـــەکی زوو چـوەلای هـــاوڕێ کـانی داوای لێبوردنی لێکردن کـەفـرمانی دەکردو ئازاریـانی دەدا لەهیچ وخۆڕای! بۆیـە هـاوڕێ کانیشی زۆردڵخۆشـبوون کەکەروێشـکی لاسار تێ گەیشتووەکەفرمان کردن وئـازاردان بـــەبێ هـیچ هۆیـــەك چەنـدنـاخۆشە بۆیە کەروێشـك دووبـارەداوای بەخشـینی لێ کـردن وبەڵێنی داکە بەهیچ شێوەیەك فرمـانی خـراپ وئـازاری کـەس نـەدا، باوکی کـەروێشکیش زانـی کـوڕەکـــەی چـــاك بـۆتـــەوە و داوای بەخشـــینی کـــرد، بۆیـــە هـــەرئـــەوکـــات کـــوڕەکـــەی مـــاچ کـــرد ئـــامۆژگـــاری کـــردو زۆر زۆرداوای لێبـــوردنی لێ کـــردو ئـــەویش لـــەوکـاتـــەوەلـەکـارەکـــەی ڕابـردووی پـــەشیمـان بـوو لەبەر ئـــەوەی


کە هەردووکیان دڵخۆش بـوون تەماشـای یـەکتریان کـردوو کەوتنـە پێکەنین و باوەشیان بەیەکدا کرد.

# سودو زیانی یاری کردن

یـاری کردن بـەڕاستی زۆرخـۆشەو سودی هـەیـەلـەگـەڵ ئەوەش دا زیانی زۆری هەیە، یـەکێك لەسود و زیانەکانی ئـەمـانەن یـاری کردن بۆمێشك پیویسـتەو دەبێتـەهۆی ئـارام بوونـەوەی مێشـك. یـەکێکیش لەزیانەکانی کـات گـرتنە، وەچـەنـدین سودو زیـانی تـری هـەیـە. هاوڕێکانم لێرەدا چیرۆکێکی راستەقینەتان بـۆ دەگێڕمـەوە: هێمـن قوتـابی یـەکی زیـرەك وچـالاك بـوولـەکـاتی تـاقی کردنـەوەی مانگانەو ڕۆژنەی دانمرەیەکی باشی بەدەست هێنابوو، پـاش ماوەیـەك هـەمـوو چـالاکـی خـۆی دایە یـاری کردن زۆربەی کـات بـەردەوام یاری دەکرد، هیچ گـوێی بەوانـەکانی نـەدەداو ئاگـای لەوانـەکانی نەمابوو بـەهۆی یـاری کردنـەوە. بـەڵام کـاتێك گەیشـتە تـاقی کردنـەوەی سـەری سـاڵ ئەوسـا بەئـاگـاهاتـەوەو ویسـتی دەسـت بەوانەکانی بکاتەوە، بەڵام کـاتێك تەمـاشای کردکەئـەرکێکی زۆری لەسـەرماوەتەوەو دەبێـت کۆششـێکی زۆربکـات بۆئـەوەی بگاتـەوە هاوڕێکانی لەوانـەکانی دا، بـەڵام چـەنـدی کرد پـێ ی نـەدەکرا بگاتـەوە هـاوڕێکـانی! چونـکە ئـەرکێکی زۆری لـەسەرمـابـووەوە.

تاقی کردنەوەدەستی پێ کردوپاش تاقی کردنـەوە هـێمن هـــەستی دەکرد کــەدووسێ وانــە دەکــەوێت وســەرکەوتوو نابێــت، بۆیــەکاتێك کەنمرەکانی وەرگرتەوە تەماشای کرد دووانەکەوتووەو دەستی کرد بـە بیرکردنەوەو گوتی خۆیـاری کردن لێرەدا هیچ سودێکی بـۆ من نەبوو کەچەندین کاتم بۆتـەرخان کردبوو. بـۆیە هێمن هیچ دڵێکی بەپشـوی هــاوین خــۆش نــەبوو، چــونکە نــەی دەتــوانی لەگــەڵ هاوڕێکــانی بچێتەخولەکانی کۆمپیوتەروئینتەرنێت و مۆسـیقاو چـەندین خـولی تـر، هەروەها پێی نەدەکرا کاتێك کــە هاوڕێکانی دەچون بۆیـاری کــردن لەگـــەڵ یـــان بـــڕوات چـــونکە ئـــەوکات ئـــەو وانـــەی دەخوێنـــد، بۆیــەکــەئەمانەی بینــی ســوێندی خــواردو بەڵێنیــدا کــەدەبێت هــەموو کاتەکانی بەپێی بــەرنـامــەدابــەش بکــات بۆئــەوەی جـــارێکی تـر توشی ئەم ڕووداوەنەبێتەوە.

هاوڕێ کانم ئێوەش وەکو هێمن مــەبن هــەموو کاتــەکانتان بــە یـاری کردن بەسەربەرن بەڵکوبەرنامەیەکی تایبەت بەژیان و ڕۆژانەتان دابنێن پێش ئەوەی توشی هــیچ ڕووداوێــك بــبن، چــونکە ئەگــەرنا لــەهێمن خراپتردەبن.



# کۆمەڵە شیعرێک بۆ منداڵە چاوگەشەکان

تێبینی :

ئەم چەندین شیعرە پێشکەشە بەو منداڵە سویدییەی کە لەرۆژی جیهانی منداڵان شیعری (بەهاری کوردستان)ی خوێندەوە لەپاشان پێی گوتم: ئینجارە ناوی من لە کتێبەکەدا بێنە بەناوی (سوزانی شانۆ) هەروەها پێشکەشە بەو منداڵە بۆ باوکەی کە لەتەنیشتمان راوەستابوو گوتی : ناوی منیش بێنە بەناوی (پێشەوا) چونکە دەبم بەپێشەوا، بەهیوام هەموو منداڵانی جیهان سەرکەوتووبن پێشەواش ببێتە پێشەوا .

* بۆزیاتر خزمەتکردنی نوسەرو خزمەتکردنت پەیوەندی بکەبە نوسەرەوە

Mobile : 0750 482 86 03
E-mail : Karwanali92@yahoo.com

# بەهاری کوردستان

**من خەڵکی کوردستانم ...**
**سەربەست دەژیم لەژیانم...**
**کـــوردســـتانـــم ڕەنـــگینـــە ...**
**سەرچـــاوەی هـــۆش وژیـــنە...**
**تۆسەیری بەهارەکەی ...**
**وەك بەهەشتەگەشتەکەی ...**
**لـــەبـــەهـــارداگشت کـــاتێ ...**
**خـــۆشی زۆرمـــان دەداتـــێ ...**
**بەهاری سەوز وجوانە ...**
**گەشاوەی دڵەکانە ...**
**بـــۆیـــەبـــەهاران گشت کات ...**

دڵخۆشم تاکو دەڕوات ...

## لایلایە بۆ بوکەکەم

لایلایە بوکم لایە
بۆچی تۆخەوت نایە
سەیرکەشەودرەنگە
بنوو واشەوە زەنگە
دەی شەوە با بخەوین
تاکو زوولەخەوهەستین
جابچم بۆ قەتابخانە
کەهیوای دوارۆژمانە
ئینجاکە هەرهاتمەوە
لەباوشت دەگرمەوە
ئەوساهەریاری دەکەین
دڵی خۆمان خۆشدەکەین
دەی ئیستاکە زووبنوو

## مەگـری بـوکـەکـەم بنـوو

### شـــــەرم

لـــەکـــاتـــی قســەکـــردن
مــن بەبــێ شــەرم کــردن
قســەکــانــی خۆم دەکـــەم
چی ڕاستی بێ بـاس دەکەم
بـۆمـن هـچ گرنـگ نییە
خـــودالـــەگـــەڵ ڕاستیـە
چی ڕاستی بێ هــــەردەیڵێم
گــەر سەر زەنیشتیش بکرێم
مـن بـە پێی ویستـی خـودا
قـــــساکەم لەگشت جێ دا
بـۆیەهەردەم دڵـــخۆشم
چـــونکەگەلێ ڕاست بێژم

## بۆمبۆ

بۆمبۆ ....... بۆمبۆ ....... بۆمبۆ
کاتێك بۆمبۆ لەدایك بــوو
خۆشی لەژیندا بلاَوە بـــوو
بۆمبۆ هاوڕێی هـــەمووانە
زۆر بەسۆزو میهرەبـــــانە
لەکاتی گشت تەنگانەدا
وەك فریشتەی بێ لانەدا
دێو یارمەتی گشت کە ئەدا
بۆیە من بۆمبۆم خۆش دەوێ
بۆمبۆ ..... بۆمبۆ ..... بۆمبۆ .....
ئەو زانایە [2] ، مهرەبانە [2]
نەرموونیانە [2] ، هاوڕێمانە [2]

یارمەتی دەرێکی باشــــــــە
ئەمەش ڕەوشتیٚ جـــــــــوانە
جــیٚی سەربەرزی هەموومانە
چوونکە، زیرەك و زۆر جوانە
بۆمبۆ ..... بۆمبۆ ..... بۆمبۆ.....
هاوڕێکانم (2) ، هاوڕێکانم (2)
گــــوێگرن بۆ باسەکانم......

تێبینی :

ئەم شیعرە گۆرانییە بۆ زنجیرە کارتۆنی مندالآن (بۆمبۆ) نوسراوە

# درۆ

درۆ دووژمنی خوایە
نایکەم تاژیانم مایە

هەرکەسێ درۆزن بێ
هەرگیزسەرکەوتوونابێ

جگەلەتاوانەکەی
خوداخۆت یارمەتی دەی

ڕاستی گشت ئەم قسانە
قسەی باپیرمەگیانە

تۆش بزانەچی دەڵێ
بۆژیانت سودی دەبێ

دەی گوت گەردرۆزن بین
هەرگیزسەرکەوتوونابین

# قوتابی

قوتابییەکی چالاکم
وریاو زیرەك بێ باکم

لە پۆلداهاوارناکەم
هەرە پاسی دروست ناکەم

بۆیە هاوڕێیان دەڵێم
سەرکەوتنە هەربۆخۆم

چونکە وانە دەخوێنم
هێمنم وسەرنانوێنم

ئێوەش هەروەکومن بن
زۆربێدەنگ وهێمن بن

چونکەباشترتێ دەگەن
تابۆنیشتیمان بگەن

# کتێبخانە

کتێبخانە خنجیلانەکەم
خۆشم دەوێ وەک چاوەکەم

بۆیە وەک چاوم وایە
فێرم دەکات لەم دونیایە

کە چۆن ژیانم بەسەربەرم
ڕاستی ببێ بەسەروەرم

# کوردستان

کوردستانم ڕەنگینە...

مەڵبەندی بیروژینە...

لە پێناوی کوردستانم...

فیداکەم ماڵ وگیانم...

کوردستان وەك دایکمە...

مافی زۆر زۆرلەسەرمە...

دەبێت باش بی پارێزین...

چونکە نەوەی دوارۆژین...

# سەلام

**بیرم ناچێ هیچ کاتێ**
**سڵاوەکەم گشت کاتێ**

**سڵاوکردن زۆرجوانە**
**سونەت پێغەمبەرمانە**

**بەسڵاوخۆشەویست دەبین**
**ڕق لەناویەک هەڵدەگرین**

**بۆیە من سڵاوەکەم**
**هیچ کات لەبیری ناکەم**

# باخچەکەم

کەسەیری باخچەکەم کەی
سەرسامەبی بەگوڵەکەی
گوڵی زۆرجوانی تیایە
هەروەك دیاری خودایە
هەرچی ڕەنگ لەم دونیایە
لەباخچەکەی مندایە
کەدەچمەنێوباخچەکەم
دڵخۆش دەبم هەموودەم
بۆیەخزمەتی دەکەم
هیچ کات لەیادی ناکەم

# مريشكه

مريشكەسپی خرپنە
سودی گەلێك بۆمنە
بۆیەدانی پێدەدەم
بەدڵ خزمەتی دەكەم
دەی پارێزم هەمیشە
هەروەكوگەلێك پیشە
چونكەژێردەستی منە
مافی زۆرلەسەرمنە
دەبێ باش بەخێوی كەم
هیچ كات لەبیری نەكەم

## گۆڤار

خوێندنەوەی گۆڤارەکان
زۆربەسودن بۆهەمووان
بۆیەمن هەمووکاتێ
خوێندنەوەیم بیرناچێ
گۆڤارەکانم گشت کات
دەپارێزم زۆرزۆرچاك
هەڵیدەگرم لەکتێبخانە
چونکەسوودی بۆمانە

# ئاوی سارد

ئاوی ساردگەلێك خۆشە
لەهاویندابینۆشە
بەلاّم با ئاگاداربین
نەوەك توش نەخۆشی بین
گەرئاوەکەزۆرساردبوو
لەڕادەکەی دەرچووبوو
ئاوی گەرمی تێدەکەین
بەلاّم نابێ داغی کەین
گەرئاوەکەش زۆرساردبێ
نەخۆشی لێ پەیدابێ
نەخۆشی قوڕگ ئێشە
دەردەکەی زۆربەئێشە
تاکونەخۆش نەکەوتوین

## دەبێت زۆرئاگاداربین

### کەمانچەوهونەر

کەمانچە، می ،لا، ڕێ، سۆڵە
ئاوازی گەلێك زۆرە
دەنگی کەمان زۆرخۆشە
وەك بولبول وچۆلەکە
کەمان ڕاستی ژیانە!
بەڵام کەمێك گرانە!
کەسێك ژەنیارکەمانە
کەمانی لامیوانە
ئەوکەسەی هونەرمەندە
دڵی پاك وبێگەردە
بۆیەهونەرژیانە!
ڕێزی لەسەرچاوانە!

# ڕاستی

هاوڕێکانم هەمیشە
ڕاستی بکەن بە پیشە
هەمووکات ڕاستی بڵێن
لەهیچ شتێ مەترسێن
خودا پشت ڕاستی دەگرێ
بەدرۆ هیچ شت سەرناگرێ
هەرکەسێ ڕاستی بڵێ
بەرستگۆبانگی دەکرێ

# ئالاّ

ئالأشەكاوەكەی كوردستانم
بەفیدابێ رۆح وگیانم
ئالأكەمان پڕمانایە
هەررەنگێك مانای تێدایە
سورەخوێنی شەهەیدانە
مانەی ڕەنج وتێكۆشانە
سپی ئاشتی ودوورین لەشەڕ
بەئاشتی ژیان دەبەینەسەر
زەردەكەی وەكوڕۆژوایە
تیشكمان لەگشت جێیەك دایە
سەوزیش بەهاروخۆشیە
ژینگەكەمان بەهەشتیە
فیدای دەكەم ڕۆح وگیانم

# تــاسەرکــەوێ کوردستانـــم

## سەیرانی کوردستان

**گژوگیای وەرزی بەهار**
**بۆنیان خۆشە لەگوڵزار**

**گژوگیای کوردستانم**
**سەوزو زەرد لێی دەڕوانم**

**بەجوانی دیمەنەکەی**
**حەزبەدەشتو دەر دەکەی**

**بۆیە لەوەرزی بەهار**
**دەچم بۆ گەشتو گوڵزار**

## ١ / ٦

**رۆژی جیهـــــانـــــی منـــــدالان**
**یەکی شەشەو دڵخۆشبن هەموان**
**لەو رۆژەدابا وەش بەیەکدا دەکەین**
**هەرچی قینە لەدڵدا دەری دەکەین**
**ئەم رۆژە رۆژی خۆمانە**
**رۆژی گشتی مندالی جیهانە**
**لەو رۆژەدا بەڵێن دەدەین**
**مافەکانمان دەستەبەر کەین**
**ئەمەش بەهەوڵ و کۆشش**
**بەخوێندن زانستی گەش**
**گەر بێتو رێی زانست بگرین**
**هیچ کاتێك ماف خوراو نابین**

بۆیە، هەموو بەڵێن دەدەین
رێگای زانست قەد بەرنەدەین
تا ئەو کاتەی کە یەکی شەش
دەبێتە سمبولێکی گەش
ئەو کات هاوار دەکەم کوردم
بۆیە قەد ماف خوراو نابم
چونك کورد مافی خۆی دەسێنێ
هەرگیز سەر دانانوێنێ
منیش منداڵی کوردم
بۆیە ئازاو نەبەردم
لەمافم بێدەنگ نابم
تاکو لە ژیان مابم

# قوتابخانە کرایەوە

قوتابخانە کرایەوە
زەنگی وانە لێدرایەوە

دەست دەکەینەوە بەخوێندن
تا قۆناغێکی تر بڕین

دوای هەموو سەرکەوتنەکان
کاردەکەین بۆ ئازادیمان

ئەوکات هەمیشە خۆشبەختین
لەهیچ دوژمنێك نارسین

# نەورۆز

نەورۆز رۆژێکی خۆشە
بۆ کورد   وەکو رەمزێکە

جوانترین وەرزی ساڵە
پڕ لەگوڵ و گوڵزارە

لەم رۆژەدا دڵخۆشین
جلی کوردی دە پۆشین

بژی کورد و کوردستان
نەفرەت لەدوژمنەکان

ئاڵامان گەشاوەبێت
کورد هەمیشە سەرکەوێت

بژی کورد و کوردستان
بۆخۆی و نەورۆزی جوان

# بۆ مردنی دایکم

دایە دایەی شیرینم
دەمەویٚ هەردەم بتبینم
بەڵام، من چی بکەم دایە
بەجیٚت هیٚشتم لەم دونیایە
گیانم بەفیدات دایە
ئارام بنو تۆ ئەو خودایە
تۆ دایکیٚکی زۆر باش بووی
دڵنەرمو میهرەبان بووی
جیٚگەی تۆ هەربەهەشتە
چونك مافی دایکیەتیتدا
دایە گەردەنت ئازابیٚ
خودا پشتو پەنات بیٚ

## سوپاس و پیزانین :

سوپاس‌و پیزانینێکی زۆرم بۆ ئەم بەرێزانە:

زانا کەرکوکی

فۆتۆ هەردی

حسێن عبدالرحمان

کاکە رەش محمەد

ئاوات عەلی

کە هاوکارم بوو لە باچاپگەیاندنی ئەم بەرهەمە.